# شاندێکی حزب لەگەڵ سێنتەری دۆستایەتی کورد-بولگار کۆدەبێتەوە

کاتژمێر 17ی ڕۆژی 10-6-2010 هەڤاڵ **ڕێکار ئەحمەد** سکرتێری گشتی حزب بە یاوەری هەڤاڵ **جەوهەر عەلی** نوێنەری حزب لە وڵاتی بولگاریا، لە شاری سۆفیای پێتەختی ئەو وڵاتەدا سەردانی بەڕێز دکتۆر **بالابانۆڤ** ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سێنتەری دۆستایەتی کورد- بولگاریان کرد ، لە دیدارێکدا باس لە پتەوکردنی دۆستایەتی نێوان هەردوو نەتەوەی کوردو بولگار کرا، بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی کە خاڵی هاوبەشی کولتوری لە نێوان هەردوو لایەندا هەیە دەکرێ پێوەندیەکانی نێوانیان گەشە پێبدەن. هەروەها هەردوولایەن هیوایان خواست کە پەیوەندی پتەو لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بولگاریا دروست ببێ. بەڕێز دکتۆر بالابانۆڤ ئاماژەی بەوەکرد کە چەندین سەدە هەردوو نەتەوەی کوردو بولگار لەسەردەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلیدا ستەمیان لێکراوەو



چەوسێندراونەتەوە، بۆیە لەم سەردەمەدا وا دەخوازێ کە هەردوو نەتەوە هاوکارو هاپەیمانی یەکتر بکەن.

هەڤاڵ سکرتێری گشتی حزب هیوای خواست کە شاندێکی سێنتەری دۆستایەتی کورد- بولگار لە دەرفەتێکدا سەردانی باشووری کوردستان بکەن و ئەو پێشکەوتنانە بەچاوی خۆیان ببینن کە لە دوای راپەڕین و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەدی هاتوون.

جێی ئاماژەیە کە بەڕێز دکتۆر **بالابانۆڤ** مێژوونووسێکی ناسراوەو چەندین کتێبی لەسەر خەباتی گەلی کورد نووسیوە، هەروەها ئەندامی پێشووی پەرلەمانی بولگاریاو کەسایەتییێکی سیاسی و رۆشنبیری بولگاریایەو پێشتر مامۆستای زانکۆی زانستی سەربازی بووە، خۆی بە دۆستێکی نزیکی گەلی کورد دادەنێ و لەو پێناوەشدا تێدەکۆشێ.

# مێزگەردێک لە ماڵی کوردو ئاڵمان لە کۆڵن بەڕێوەدەچێ

بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە شێوازە کان و تایبەتمەندیەکانی خەباتی دیمۆکراتیکی کوردەکان لە هەل و مەرجی هەستیاری ئەمرۆدا، ماڵی کورد و ئاڵمان و سەنتەری ژنانی کورد لە شاری کۆڵنی ئاڵمانیا، کاتژمێر 16ی ئەمرۆ، یەکشەممە ڕێککەوتی 2010-6-27 مێزگەردێک ساز دەکەن. کە تێیدا بەرێزان خەندان مەحەمەد جەزا، سدیقی بابایی، تاهێری بەرهون و جەهانبەخش رۆستەمی بەشداری تێدا دەکەن.

تەوەری باسەکان بریتین لە:

- ئایا وتار و خەباتی یەکگرتووی کوردی و چەندرەنگی ڕێکخراوەی پێکەوە دەگونجێن؟
- چەند رەنگی یان یەک رەنگی ڕێکخراوە یی؟
- بنەماکان و شێوازەکانی هاوکاری ڕێکخراوە دیمۆکراتیەکان کامانەن؟
- هەڵسەنگاندنی میکانیزمەکانی پەیوەندی خەباتی حیزبی و دیمۆکراتی
- بنەماکانی پەیوەندی ڕێکخراوە دیمۆکراتیەکانی کورد و ئۆپۆزیسیۆنی غەیری کورد کامانەن و شێوازەکانی چۆنن؟
- دەور و رەوڵی ژنان لەم بزوتنەوەدا و هۆکارەکانی.

# شاندێکی پارتی چەپی سوید سەردانی دیاربەکرو ماردین دەکات

تایبەت **بە ڕۆژی گەل** :

رۆژی 28ی حوزەیران، شاندێکی پارتی چەپی سوێد سەردانی باکوری کوردستان دەکات و لەگەڵ بەرپرسانی شاری دیاربەکر و ماردین کۆ دەبێتەوە.

سەرچاوەیەک لە پارتی چەپی سوێد بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند کە بڕیاروایە رۆژی 28ی حوزەیران، لە رێی فرۆکەخانەی دیاربەکرەوە شاندێکی پایەبەرزی پارتی چەپ بگاتە شاری دیاربەکرو لە رۆژانی دواتریش دیدارو کۆبونەوە لەگەڵ لایەنەکان پێکبهێنێ.

بەگوێرەی بەرنامەی بۆ دارێژراو بڕیاروایە کاتژمێر نۆی رۆژی بیست و نۆی مانگی حوزەیران شاندەکە چاوی بە عەبدوڵڵا دەمیرباش، سەرۆکی شارەوانی سور بکەوێت، پاشان لە کاتژمێر 10.30 دا چاویان بە فەریدە لاچین پارێزگاری بایرەم ئالتون و موحەرەم عەرەبی دەکەوێت کە ئێستا ئەو دوانە لە زیندانداا راگیراون. لە کاتژمێر 11،30شدا سەردانی عوسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر دەکەن. دواتریش دیداری ژمارەیەک لە دایک و باوکان دەکەن کە منداڵەکانیان دەستگیرکراون و لە زینداندا راگیراون. دواتر لە کاتژمێر 14،30 دیداری چەند رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن. پاشان لە کاتژمێر 16ی هەمان رۆژدا لەگەڵ نەجات یۆروک بەرپرسی لقی دیاربەکری پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP کۆدەبنەوە. دواتر لە کاتژمێر 18ی رۆژی بیست ونۆی حوزەیراندا لەگەڵ دایک و باوکی بێریڤان، کە کچێکی زیندانیکراوە کۆ دەبنەوە.

هەروەها بەگوێرەی بەرنامەی دارێژراو کاتژمێر نۆی رۆژی سی حوزەیران شاندەکەی پارتی چەپی سوێد سەردانی نووسینگەی رۆژنامەی ئازادیا وەلات دەکەن کە رۆژنامەیێکەو بە زمانی کوردی بڵاودەبێتەوە.

جێی ئاماژەیە نووسەران و بەرێوەبەرانی ئەو رۆژنامەیە چەندین جار پەلکێشی دادگە کراون و سزا دراون. پاشان لە کاتژمێر دەدا سەردانی پەیمانگەی کوردستان دەکەن. دواتریش لەگەڵ چەندین ناوەندی دیکەدا دیدارو چاوپێکەوتن دەکەن.

کاتژمێر 13ی هەمان رۆژ کۆنفرانسێکی رۆژنامەوای ساز دەکەن و سەبارەت بە کێشەو گرفتەکان رای خۆیان دیار دەکەن. دواتر سەردانی شارەوانی بەگلەرو بارەگای چالاکوانانی ژنان دەکەن.

بەگوێرەی سەرچاوەکە رۆژی یەکی تەمموز شاندەکەی پارتی چەپی سوێد سەردانی شاری ماردین دەکات و چەندین دیدارو کۆبوونەوە ئەنجام دەدات. لە کاتژمێر 11.30 دا سەردانی شارەوانی نوسێبین دەکەن.

لە دواییدا شاندەکەی پارتی چەپی سوێد بەرەو شاری دیاربەکر دەگەرێتەوەو لەگەڵ پلاتفۆرمی دیموکراسی کۆدەبێتەوە، کە نوێنەرایەتی نزیکەی 30 رێکخراوی جۆراوجۆر دەکات.

# کێشەی منداڵە گیراوەکانی کورد لە وەزارەتی دەرەوەی سوید دا

ئاننێ لودڤیگسۆن، پەرلەمانتاری پارتی سۆسیالدیموکراتی سوید کە لە کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە تورکیا بەرپرسیارە، بەهاوکاری ئامینە کاکە باوە پەرلەمانتاری پارتی چەپی سوێدە پرسی ئەو منداڵە کوردانەیان هێناوەتە ناو رۆژەڤی بەرنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی سوید کە لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە زیندانی کراون. بەوهۆیەوە ئەو دوو پەرلەمانتارە بە فەمی داوای وەڵامیان لە کارڵ بیلدت وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەیان خواستووە.

لە ساڵی 2006وە لە پەنای یاسای تیرۆرەوە دەوڵەتی تورکیا هەزاران منداڵانی کوردی دەستگیرکردوە. لەکاتی گرتندا توونىدو تیژیان لەبەرانبەر پێرۆکراوە. مافەکانیان پێشێل کراوەو رێیان پێنەدراوە کە پارێزگار و خزموکەسەکانیان سەردانیان بکەن.

بەگوێرەی پەیماننامەی نێونەتەوەیی کە مافی منداڵان گەرەنتی دەکات، ناکرێ بە گوێرەی یاسای تیرۆر منداڵ سزا بدرێت. بۆیە دەبێ تورکیا منداڵانی کورد ئازاد بکات. ئەو سکاڵایانەی کە دژ بە سەدان منداڵی کورد تۆمارکراون، دەبێ هەڵبوەشێندرێنەوە.

بەوهۆیەوە زۆر گرنگە کە یەکێتی ئەوروپا و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئەو پەیماننامانەی کە بایەخ بەپرسی منداڵان دەدن بە شێلگیرانە وەربگرێ ولە تورکیاش بخوازێ کە پەیماننامەی مافی منداڵان جێبەجێ بکات. بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی تورکیا پەیماننامەی نێونەتەوەیی منداڵان بە جدی وەربگرێ، پێویستە کە وەزارەتی دەرەوەی سوێد چی بکات؟ وەزیری دەرەوە چ رێوشوێنێک هەڵبگرێتەوە؟

لەوپێوەندەدا کامپینی رێکخراوی کوردۆساید(**چاک**) بەرفراوانتر دەبێ ولە قۆناغی کۆتایی خۆی نزیک دەبێتەوە.

لەو چوارچێوەدا بۆ ئەوەی راپۆرتێکی نوێ پێشکەش بە ئاننێ لودڤیگسۆن بکرێ، جێگری سەرۆکی گشتی چاک لە سوێد، تێکۆشانی خۆی و رێکخراوەکەی بەردەوام دەکات. کامپینی ئیمزا کۆکردنەوە لەم هەفتەیەدا کۆتا دەبێ. ژمارەیەکی زۆر پەرلەمانتارو کەسایەتی ناسراوی سوێدی ئیمزای خۆیان لەسەر کامپینەکە داناوە.

دەقی تۆماری کامپینەکە بۆ سەرکۆمار، سەرۆکوەزیران و سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا، بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، سەرۆکی یەکێتی ئەوروپا و سکرتێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رەوانە دەکرێ، لێیان دەخوازرێ کە منداڵانی کورد ئازادبکرێن و چیتر لە پەنای تیرۆرەوە سزای منداڵانی کورد نەدرێت.

جێی ئاماژەیە کە کوردستانیانی دانیشتووی سوێد بە تایبەتیش رێکخراوی چاک لەو وڵاتەدا توانیویەتی دۆزی رەوای کوردستان بەناوەندەکانی وڵاتی سوێد بگەیەنێ، هەروەها ناسین و پێوەندییێکی باشیان لەگەڵ سەرکردەکانی پارتەکانی ئەو وڵاتە دروست کردوە، هەر ئەمەش وایکردوە کە پارتەکانی سوێد بەدەنگ هاوارو گازی کوردستانیانەوە بێن و ئاوڕ لە کێشەی گەلی کورد بدەنەوە. هەرچەندە کە تاوانی ئەنفالکردنی کوردان لەلایەن پەرلەمانی سوێدەوە وەک جینۆساید نە ناسێندراوە، بەڵام ئەمجارەیان سۆسیالدیموکراتەکانی سوێد، پارتی چەپ و پارتی سەوز بەڵێنیان داوە کە لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا ئەو پرسە بوروژێنن و راستەوخۆ هاوسۆزی لەگەڵ گەلی کوردستاندا پێشان بدەن.

# پیرمام: چەند چەکدار دەستڕێژی لە شۆفێرێک دەکەن و دەیکوژن

شەوی 24 لەسەر 25ی ئەم مانگە لە شارۆچکەی پیرمام چەند چەکدارێکی نەناسراو رێ لە شۆفێری ماشێنێکی بارهەڵگر دەگرن و دەیکوژن.

بەگوێرەی زانیاریەکان شۆفێرەکە کە خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتیەو چەند ساڵێکە لە نێوان هەولێرو حاجی ئۆمەراندا کار دەکات، لەلایەن چەند چەکدارێکەوە رێی لێدەگیرێ، تەقەی لێدەکرێ و دەکوژرێ.

شۆفێرەکە ناوی عومەر سیسۆ عومەر بووە، وەک دەگوترێ کێشەی لەگەڵ هیچ کەسدا نەبووە، بەوهۆیەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردوە، چونکە چەکدارەکان دوای ئەنجامدانی تاوانەکە رۆیشتوون و ئاشکرا نەکراون.

هەرچەندە تا ئێستا هۆکاری هێرشکردنە سەر شۆفێرەکە روون نەبۆتەوە، بەڵام گومانەکان بۆ ئەوە دەچن کە بەمەبەستی ئاژاوە نانەوە ئەو تاوانە ئەنجام درابێ.